لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

# مەولەوی و سروشت

عەلی شێخ عومەر قەرەداغی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بغداد - ١٩٧٨

MAWLAWI.KRD

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

# مولوي والطبيعة

علي الشيخ عمر القرەداغي

مطبعة المجمع العلمي الكردي

بغداد – ١٩٧٨

بێ گومان سروشت چرای ڕوناکی دڵی شاعیرە وسەرچاوەی ئیلهام و بزوێنەری هەست و سۆزێتی •

ئەو شاعیرەی کە چاوی بە دیمەنێکی ناجۆردا هەڵهێنابێ و لە سروشتێکی وشك و برنگ و توند و تیژا ژیابێت جۆری هەستکردنی بەرانبەریان ئاڵۆز و نەگونجاوە و ، لە دوژمنایەتی و بێزارییەوە نزیکترە تا دۆستی و هۆگری •

دیارە ئەم جۆرە شاعیرانە یا هەر سروشت و پەیوەندییەکانی دەخەنە پشتگوێ و کەمتر خۆیانی لەگەڵدا خەریك دەکەن ، وە یا ئەگەر وەسفی یا هەر جۆرە هەستێکی تری بەرانبەر دەربڕن ڕەنگ و تامی زویری دەدات ئەگەر سەراسەر دوژمنایەتی دەرنەبڕێ •

ئاشکرایە شاعیرانی کورد بە شێوەیەکی گشتی لەم هەست و نەستە ئاڵۆزەوە دوورن و زۆر تا کەم سروشتپەروەرییان لێ بەدی دەکرێ ، بە هۆی ڕەنگینی و ڕازاوەیی دیمەنەکانی کوردستان و بەفەڕی دەشت و چیاکانیەوە •

شاعیرانی سروشتپەروەریش وەنەبێ یەکسان بن لە جۆر و قووڵی و گەرمی هەستی سروشتپەروەریدا ، چونکە ئەم هەستە چەند شێوەیەك دەگرێتەوە •

جۆرێکیان هەستکردن بە سروشت وەکو تابلۆیەکی ڕەنگین و نیگارێکی نەخشاو و سەرنجڕاکێش ، یا وەکو شتێکی بە سوود و بەکەڵك و خۆش بۆ بۆنکردن ، یا چەشتن یابیستن •••

زۆربەی شاعیران لێرەدا ئەوەستن و تێناپەڕن • دەیانبینی کە وەسفی دیمەنێکی سروشتی بەهار ، یا باخچەیەك یا هەر دیمەنێکی جوانی تر بکەن لەوە دەرناچن کە هەستی خۆیان دەربڕن بەرانبەر بە جوانی و بۆنخوشی گوڵ ،

بە تینی چریکەی بلبل ،

ڕەنگاوڕەنگی میوە و خۆشییان ،

یا ئاهەنگ گێڕانیان لە سێبەر و دەور و پشتی ئەم دیمەنە دڵگیرانەدا •

لێرەدا شاعیر هەر چەند بەرهەمێکی ڕازاوە و بەسوود پێشکەشی خوێنەران دەکا ، کەمێ بە خۆپەرست و کورتبین دێتە بەرچاو ، چونکە ناتوانێ هیچ هەستێکی مرۆڤایەتی و چالاکییەکی ژیان بدات بەم دیمەنانە و گرنگییان لای ئەو هەر پێویست جێبەجێ کردن و سەیرانگا ڕازاندنەوەیە •

هەروەها سروشت پەروەری شاعیران پلەپلە بەرز دەبێتەوە و پتر فراوان دەبێ و زۆرتر قووڵ و بە هێزدەبێ تا دەگاتە ڕاددەی یەکگرتن لەگەڵ سروشتدا و ، لاچوونی پەردە و سنور لە نێوان ئەندام و پارچە جۆر بە جۆرەکانیدا •

لەم پلەیەدا شاعیر دەست لە خۆی بەر دەدا و دەرگای فراوانی دڵی ئەخاتە سەر پشت بۆ خۆشەویستی سروشت و ئەوپەڕی گونجاوی و هۆگری پەیدا دەبێ لە نێوانیاندا لە ئەنجامی خۆشەویستییەکەدا •

شاعیر لەم پلەیەدا لە دیوی دەرەوە سەیری سروشت ناکا تا نیگاری جوان و دیمەنی رەنگاوڕەنگی بێتە بەرچاو و ، سەرگەرمی وێنەکردن و پەسەندیی دەربڕین بێت و بەس •

بەڵکو دەچێتە ناو جەرگەی سروشتەوە و راز و نهێنییان لە یەکتر ئاشکرا دەبێ و ئیتر کار لە وەسفی سەرزارەکی و نیشاندانی وێنەی جوان و رازاوە دەترازێ و دەگاتە دەربڕینی هەست و نەست و سۆز و ئەوین •

شاعیر لە بەتینیی گونجاویی و فراوانیی ئاسۆی سروشت دۆستیی خۆی، ژیان و سۆز و ئەوین و بیر و ئەندێشە و هەمو هەستە مرۆڤایەتییەکانی سەردەکەن و دەڕژێن بە سەر سروشتا و ئیتر بە هەر لایەکدا سەیر دەکا : هەر گوڵە پێدەکەنێ و نەمامە سەمادەکا و سەوزەیە دڵی دەلەرزێ و گوڵاڵەیە چاوبڕکێ دەرکا و ، ئاوە مۆسیقا لێدەدا و رازی هەزار ساڵە دەگێڕێتەوە •

بێ گومان هەست لەمە ناسکتر و ئاسۆی بیر و ئەندێشە لەم پلەیە فراوانتر نابێ ، جا ئەگەر شاعیر بتوانێ شێوەی دەربڕینیشی سەرکەوتو بێ و هاوڕێکی بکا لەگەڵیانا ، ئەوا شاعیرێکی گەورە و سەرکەوتو و شیعرێکی بە نرخ و بایەخمان دەست دەکەوێ کە بە هەچ پێوەرێ سەیر بکرێن و بکێشرێن هەر نرخ و بەرزیی خۆیان لە دەست نادەن •

وا دەزانم گەیشتومە خاڵێ کە بتوانم واز لە درێژەدان بێنم و بگەڕێمەوە سەر مەبەستە تایبەتییەکە کە سروشتە لە شیعری مەولەویدا ، لێرەدا ئەم پرسیارانە بە بیردا دێن : ئایە مەولەویی سروشتپەروەر بوە ؟

ئایە هەستی بەرانبەر بە سروشت هەستی هۆگریی و گونجاویی بوە ؟
ئایە توانیوێتی هەست و نەست و ژیانی مرۆڤایەتیی بدا بە سروشت ؟
وە ئەگەر توانیوێتی تا چ رادەیەک ؟

ئایە شێوەی دەربڕینی هاوڕێکی هەستی ناسك و بەرزێ بوە ؟

پێشەکێ من نامەوێ هیچ جۆرە وەلامێك بدەمەوە ، بەلکو دەمەوێ چەند پارچەیەك لە شیعری مەولەوێ پێشـــکەش بکەم بە جۆرێ زۆربەی دیمەنەکانی سروشت بگرێتەوە : سروشت : لەبەهارا ، لە پاییزا ، لە زستانا ، لە هاوینا ، هەندێ شتی تر جیا لەمانە وەك شەماڵ ، چالاکێ زیندەوەر ... تا خوێنەری بەڕێز لە ئەنجامدا خۆی بگاتە وەلامی پرسیارەکان ، بـەبێ ئەوەی پێشەکێ هیچی بە سەرا بسەپێنرێ .

**سروشت لە بەهـــارا :**

مەولەوێ لە بابەت سروشتی بەهارییەوە درێغێ نەکردوە و مافی رەوای خۆی داوەتێ و گەلێ چامەی بۆ تەرخان کردوە و ، لە هەندێکی تریشا کەم و زۆر پەنجەی بۆ درێژ کردوە و هەســـتی دەروونی خۆی بـــەرانبەر دەربڕیوە لەسەر شێوە تایبەتیەکەی خۆی .

هێنانی هەموێ چامە و پارچەکان درێژە دەکێشێ و وتارەکە لە سنووری خۆی دەردەکا ، جا لەبەر ئەمە تەنهـــا لە دوێ پارچـــە وێنە وەردەگـــرین ، هەرچەند لە کۆتاییدا چەند پارچەیەکی تر بە بۆنەوە دێتەکایەوە . مەولەوێ لە یەکێ لەو چامانەدا دەلێ :

وەهـــارەن ، تەشـــریف خاڵخاســـان پـــەی هەرد
کـــەم کـــەم جوانیـــش ئاوەرد ، پیریشـــ بـــەرد
جەم جەم ســـۆســـەنان جـــە تاق تـــەوق وەردان
ســـەر دان نـــە هـــەردان پـــەرێ هـــام فـــەردان
وە رووی زاخانـــــدا چنـــــۆر لـــــۆل وەردەن
پـــەی پـــای گیـــان تۆڕ دام ئامـــادە کـــەردەن

بــــەڕەزا بــەو چـین تــوغـرای تــاتــاوە
شــەمــاڵ مشــــانــۆش ، یــانــی : وەی‌لاوە
نەرگس وە مەس مەس مـــدیـــۆ : کێـــن ئەو کەس
گۆشـــەی چــاك دڵ وەر نــــە دۆ جـــــە دەس[1]

واتە :

● بەهارە ، ئۆغرکردنی جـوان چاکەکان بۆ سەیران وردە وردە لاوێ هێنا بۆ سەر کێوەکان و پیرێ بردەوە : ( مەبەستی بەفرچۆنەوە و گیا و گوڵ روانە ) •

● کۆمەڵ ، کۆمەڵ سۆسەنەکان لە تاقچەی سەرکێوەکانا کۆڕیـــان بەستوە و سەریان بۆ هەردەکان خوارکردوەتەوە بۆ هاوەڵەکانیان: ( مەبەست یا کچە شۆخەکانە یا هەڵاڵە دەشتیەکان ) •

● چنۆر بە رۆی تاشـــە بەردەکانا لۆلیان خواردوە و داویان ئامادە کردوە بۆ پێی دڵی تەماشاکەران بە نیازی دیل‌کردنیان •

● بەڕەزا چین لەسەر چین وەك زوڵفی یار نیشتوەتە ســـەر یەك و شەماڵ دەیشەکێنێتەوە ، وەك بــە مرۆڤ بڵێ : تکا دەکەم خۆتانم لێ‌مەدەن نەك لە ناسکیدا بڕاکێم •

نێرگس چاوی مەستی بڕیوەتە سەیرانکەران و سەرنجی راکێشاون بەلای خۆیدا و ئەوانیش ئاگایان لە خۆیان نەماوە •

مەولەوێ جگە لەوەی تابلۆیەکی رەنگینی پڕ لە وێنەی هەمە جۆرەی جوان و دڵگیرمان بۆ وێنە دەکێشێ ، کە سەرنجڕاکێش و خەمڕەوێن بێ ، دەبینین ژیان دەکاتە بەر دیمەنەکانی تابلۆکە و ، وەکو کۆمەڵە مرۆڤێـــکی هەستیار و بە سۆز نیشانیان دەدا •

---

(1) دیوانی مەولەوێ کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مامۆستـا مـلا عبدالکریمی مدرس ، بەغدا ، چاپخانەی (النجاح) سالی ١٣٨٠ هـ ـ ١٩٦١م ل ٤٧٤ .

بەڵێ ، دەشت و دەر و سەر شاخەکان بە بینینی جوان چاکەکان گەنج دەبنەوە و مۆی سپییان رەش دەبێتەوە ، وەك دڵدارێکی شادمان بە بینینی دڵبەرەکەی •

سۆسەنەکان وەك مرۆڤ لەبەر هەستی خۆشەویستی و هۆگری کۆمەڵەیان کردوە و سەریان خوارکردوەتەوە بۆ بینینی هاوەڵەکانیان بە تاسەوە •

دیارە سۆسەن وەك مرۆڤی تەواو ( الانسان الکامل ) خۆشەویستی لە سنوری چەشنەکەی خۆی دەرچوە و ئاسۆیەکی فراوانی گرتوەتەوە کە مەگەر هەر شاعیر و هەستیارێکی وەکو مەولەوی بەو جۆرە بۆ بێ •

وە هەر وەها چنور و بەڕەزا و نێرگس وەك ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ نیشاندراون ، کە بیەوێ خۆی بنوێنێ و عیشوە و ناز بکا و سەیرانکەران توشی داوی ئەوین و خۆشەویستی بکات •

ئایە مرۆڤ پلەیەکی بەرزتر لە خۆ بوردن و ئاسۆفراوانی خۆشەویستی لە خۆیاگومان دەبا و جگە لە خۆنواندن و عیشوە و ناز هیچ رەوشتێکی تر رەچاو دەکا کە پتر پەیوەندی بە ئافرەتەوە بێ تا بیاندا بە سروشت ! دیارە مەولەوی پەیکەری خۆشەویستی و رەوانناسی بوە ، بۆیە توانیویتی بچێتە ناو ئەم نهێنییانەوە و بەم جۆرە بەدییان بکا لە سروشتا •

وا دەزانم ئەوەندە دوان لە پارچەی یەکەم بەسە ، با بزانین لە پارچەی دوهەمدا چیمان پێشکەش دەکا • دەڵێ :

وەهارەن سەیرەن ، سەوزەی دیاران
نم کەوت نەدیدەش چون شەو بێداران
پەی دڵەی مانیای دەرۆن مەلاڵان
سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان

بـۆی یـەخـەی سـەحەر پـەی دەمـاخ دڵ
مانـۆ وە نەسـیم جێـب جـەمـین گـوڵ
چـون دێـوانـەی شـۆر ئازیـز نە سـەردا
شـەتاو سـەر هۆر گـرت وە دەشـت و دەردا
تـولانێ چـون هیجـر خـاتر پـڕ دەردان
ڕەوان وێنـەی وەصـل گـەردەن بێگـەردان
های جـە شـنۆی وەش ڕۆح ئەفـزای کـاوان
ئـای جـە شـاخەی تـاف سـاف سـەراوان
نـەك چـون تـاف چـەم پڕ ئەسـرین چـەرخ
( بارك‌الله ) چـەرخ ، هـەی ئافەریـن چـەرخ
چـەنـێ جـە هەسـتێ وێـت تەواسـاییت
چـەنـێ جۆش عەشـق مەجنـۆن ئاسـاییت
بدیـە چـۆن هـۆردان وە نـام و نـەنگـدا
بێپـەروا مـدۆ ، وێـش وە ڕۆی سەنـگدا
هـای سـاقی هـەڵای سـەر مایـەی خـامێ
نمـەدۆم وە دەس ڕای نـەنـگ نامـێ(١)

---

(١) لە دەقی ئەم بەیتـەدا ( نەنگنـامێ )مان پەسـەندکرد وەك لـە وێنەی کەشکۆلەکەی مەلا فەتاحی کاکردەلەیدا ، هێ مامۆسـتا شـێخ عەلێ قەرەداغی نوسراوەتەوە بە پێچەوانەی دیوانەکەی مامۆستای مودەڕیس کە ( نێکنامێ ) نوسیوەتەوە ، لەبەر ئەوە هی دوایێ لەگەڵ شـیعرەکانی بەر و دوایا ڕێك ناکەوێ ، چونکـە لە بەیتی پێشوودا باسی ئەوە دەکا کە تافگەی زەڵم ڕێی بەدناوێ گرتوە و دەستی کردوە بەشین و شـەپۆڕ و خۆکوشتن لە پێنـاوی ئەویندا ، وە لە بەیتی پاشیا داوا دەکا لە مەیگێڕ کە بێ بە دەنگییەوە و کارەساتێکی وا فەراهەم بێنێ کە ڕاپێچێتە تـەواوی ئەو ڕێگانەی تافگەی زەڵم گرتویە بەو درێژە کە لە دوو شیعری کۆتاییدا باسی‌کردوە . دیارە ئەگەر خۆی ئەو ڕێگەیەی پێ‌بگیرێ بۆچ داوا لە مەیگێڕ دەکا کە یارمەتێ بدات !

باوەر وەش وەش سادەی هەی پەی کەی
تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی
مەوجش بنچینەم بدۆ وە هەمدا
هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدمدا(٢)

واتە :

- بەهارە ، کاتی سەیرانە ، سەوزەگیای دەر و دەشت نم کەوتە چاویان ، وەك شەو بێدارەکان .
- بۆ دڵی ماندوی هەناو پڕ لە خەمەکان ، سێبەریان کردەوە خێوەتی گوڵاڵەکان .
- بۆنی یەخەی بەرەبەیان بۆ لوتی دڵ ، لە سروەی سنگ و بەرۆکی گوڵڕوەکان دەچێ .
- وەکو شێتی ئەوینی یار لافاو سەری خۆی هەڵگرت بە دەشت و دەرا .
- درێژەدار وەك دوری یار لە دڵی پڕ لە دەردی دڵدارا ، ساف و دەنگ وەك گەیشتن بە یاری گەردن بێ گەرد .
- هەی لە شنەی خۆشی گیان بوژێنەرەوەی کێوەکان ! ئای لە هاژەی تاڤگەی بێ گەردی سەراوەکان !
- بەڵام نەك وەك تاڤگەی پڕ فرمێسکی زەڵم ، بەرەکەتکەی ئەی زەڵم ! هەی ئافەرین ئەی زەڵم ! ، ( هۆکەی لە شیعرەکانی

---

(٢) بڕوانە لاپەڕەی ٤٦٧ ــ ٤٦٩ هەمان دیوان .

دواییدا دێ )(1) .

- بۆ بێزاربوونت لە خۆت ! بۆ گەرمێ ئەوینی مەجنوون ئاساییت ! .
- بڕوانە چۆن ناو و ناتۆرەی ناوەتە ئەو لاوە و ، خۆی دەدا بە ڕۆی تاشەکاندا !
- ئەی مەیگێڕ ! سەرمایەی تێنەگەیشتن نامداتە دەست ڕێگای نەنگێ و بەدناوێ : ( وەکو ئەو نەنگێ و بەدناوییەی کە زەڵم ڕەوای بینیوە بۆ خۆی ) .
- بۆ کەییت هەڵگرتوە،با بێ تاقگەی قەڵبەزەی سافی شووشەی مەی.
- شەپۆلی بنچینەم بدا بە یەکدا و ، بونم بدا بە قەد بەردی دەشتی نەبونیدا .

مەولەوێ لە سەرەتای چامەکەوە باسی بەهار و دیمەنەکانی کرد بە شێوەیەکی گشتێ و لە پاشا هۆی دایەوە سەر چەمی زەڵم کە بە چەرخیش ناو براوە ؛ بەڵام چ باسێ ؟ باسێ ، پاش هەزاران بینین و لێدوان تەڕێ و ناسکێ و دڵگیرێ خۆی لە دەست نادا و هێشتا پاراو و نوێیە .

مەولەوێ جگە لەوێنەکێشانی تابلۆیەکی جوان و ڕەنگینی خەمڕەوێن و لاشەحەوێن ، گەلێ هەست و نەستی سروشت دۆستێ و بیر و ئەندێشەی

---

(1) لێرەدا چەرخمان بە زەڵم لێکدایەوە وەك مامۆستای مودەڕیس ، لەبەر ئەوە شیعرەکانی پاشەوە هۆی ئەم ئافەرین و بەرەکەتلێکردنە بە جۆرێ دێنێتەوە کە بە هیچ جۆرێ بۆ فەلەك دەست نادا .
جگە لەوەش گومان نییە لەوەدا کە ئەم چامە لە سەرچاوەی زەڵم وتراوە وەکو باسمان کرد ، مامۆستای مودەڕیس دانی پێداناوە و مەلا فەتاحی کاگردەڵەییش لە سەری نوسیوە : ( در فصل بهار بر سر چشمهء ظلم نوشته ) واتە لە وەرزی بەهاردا لە سەرچاوەی زەڵم نوسیویە ، وە ئەگەر چەرخ لەم شیعرەدا بە واتە زەڵم نەبێ ئەوە هیچ بۆنەیەکی زەڵم بە سەر چامەکەود نامێنێ .

ئێجگار ناسك و مرۆڤانەمان پێشكەش دەكا ، مەگەر هەر لە دەست خۆی هاتبێ ٠

بەڵێ ، لە ناخی دەرونیەوە وا هەست دەكا : سەوزەگیای دەر و دەشت مرۆڤێكی بە سۆزە و شەونمیش فرمێسكە ، قەتیس بوە لەچاوە گەشەكانیدا ، لەبەر شەو بێداریێ و دەردی ئەوین ٠

وا هەست دەكا گوڵاڵەكان مرۆڤە دڵدارەكانیان خۆش دەوێ و كۆمەڵ دەبن و چەتر هەڵدەدەن بۆ سێبەركردن بۆ دڵی ماندویان ، تا لە ژێریا بحەوێنەوە ، دیارە دەبێ ئەوانیش دەردی ئەوینیان چەشتبێ بۆیە وا بە سۆز و بەزەیین بەرانبەر بە دڵ ماندوەكانی ریگای دڵداریێ ٠

وا هەست دەكا بەرەبەیانی بەهار كچێكی شەنگ و شۆخە ، عەتر و گوڵاو و ، مێخەك و گوڵبەندی بەسەر یەخەیدا بەرداوەتەوە بۆ مەستكردنی دڵدارەكەی و لە خشتە بردنی ٠

وا هەست دەكا لافاوی بەفری تواوەی بەهار شێت و دێوانەی ئەوینە و ، سەری خۆی هەڵگرتوە لە بەرزاییەكانەوە كە نیشتمانی خۆیەتی بەرەو دەشت و نزماییەكان ٠

درێژیێ لافاوەكە وەك دوری یار وایە لە دڵی دڵدارا و سافێ و مەنگییشی وەك گەیشتن بە یار وایە ٠

لەم تەشبیهەدا جگە لەوەی دو دژی بەكار هێناوە بە جۆرێكی وەستایانە و یەكی خستون و ئاوملی یەكتری كردون ، نەیویستوە لە هەست و نەست دوركەوێتەوە و تەشبیهی درێژە و رەوانی لافاوەكەی كردوە بە درێژەی دوریێ دۆست و رەوانێ پێ گەیشتنی ، لەسەر یاسای تەشبیهی نەبینرا و بە بینراو ٠

پاش پەسەندی دەربڕین بەرانبەر بە شنەبای شاخەکان و هاژەی تاڤگەی سەراوەکان بە شێوەیەکی گشتیی هۆ دەداتەوە سەر زەڵم و گەلێ ستایش و ئافەرینی دەکا ، نەك لەبەر جوانیی و دڵگیریی دیمەنەکەی بەڵکو لە بەر دڵداریی راستەقینەی و لە خۆبوردنی لە ڕێگەی ئەوینا ، بەڕاستی ئەمەی مەولەویی لێرەدا بەدی کردوە مەگەر هەر ئاسۆی ئەندێشەی خۆی بەرز بێنەوە بۆی .

وا هەست دەکا تاڤگەی زەڵم دڵدارێکی راستە و لەبەر دەردی ئەوین لە ژیانی خۆی هەراسان بوە و خۆی دەدات بەو تاش و بەردانەدا و پرش و بڵاو دەبێتەوە و دەبێ بە تۆز ، تەنانەت سڵ لە ناو و ناتۆرەی خەڵکیش ناکا و ئەوین ئازایی و لێ بوردنێکی داوەتێ کە هیچ کۆسپێ لە ڕێبازی دڵداریی راست لای نادا .

بەڵێ ئا بەم جۆرە سروشتی بەهار و دیمەنی سەرچاوەی زەڵم بەدی دەکات و دێتە ئەندێشەیەوە ، یا بلێین بەم جۆرە دەچێتە ناو جەرگەیانەوە و هەست و سۆزی بە تینی خۆی دەڕژێنێ بە سەریانا و دەیانکا بە نمونەی دڵداریی و مرۆڤایەتیی و لەم ئەندێشەیەدا خۆی لادەبێ بە مرۆڤێکی کەمتر لەوان ، لەو خو و رەوشتە بەرزانەدا .

بۆیە لە کۆتایی چامەکەدا پەنا دەباتە بەر مەیگێڕ و هانای بۆ دەبا بۆ یارمەتیی و پێی دەڵێ : هێشتا سەرمایەی تێ نەگەیشتن نایەڵێ ڕێی نەنگیی و بەدناویی بگرم و ئەرکی دڵداریی راستیی بەجێ بێنم وەك چەمی زەڵم ، کەوابێ تۆ تافگەی بێ گەردی قەڵبەزەی شوشەی مەی هەڵکە بە سەرما با بنچینەم بدا بە یەکدا و بونم بدا بە قەد بەردی دەشتی نەبونیدا .

لێرەدا مەولەویی گونجاوییەکی زۆر بەتین نیشان دەدات لەگەڵ دیمەنەکەدا بە جۆرێك بەتەواویی ورد و درشتی شێوەی دیمەنەکەی لە

مەیدا هێناوەتە دێ تافگەی بێ گەردی قەڵبەزەی شوشەی مەی ، بنچینەدان بە یەکا ، خۆدان بە قەد بەردی هەردی نەبونیدا تەنانەت لە مۆسـیقای شیعرەکەشدا هەمان بەرزێ و نزمێ قەڵبەزەکان بەدێ دەکرێ ٠

وە ئەمە راستێ هونـەری : ( الصدق الفنی ) دەگەیێنـێ چونـکە مەولەوێ هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایێ ، یەك جۆرە هەست و نەستی بۆ و ئاڵۆزێ و دژایەتێ نەکەوتە ناو تاقیکردنەوە هەسـتییەکانیوە بـە پێی شێوەی دەربڕینەکەی ٠

وا دەزانم ئەوەندە بەسە لە بابەت ئەم چامەوە بۆ رۆنکردنـەوەی هۆی هێنانی بە وێنەی شیعری سروشت دۆستێ ، تەنها ئەوە ماوە بۆچی مەولەوێ بەو جۆرە کۆتایێ هێنا؟ ئایە مەبەستی رواڵەتەکەیەتی؟ یا مەبەستێکی بەرزی هەیە جگە لە رواڵەتەکەی ؟

راستە مەی ئازایەتێ بە مرۆڤ دەدا و دەیخاتە سـەر رێی رەندێ و لە خۆبوردن و گیانبەختکردن بەڵام من وا دەزانم مەولەوی لـە زۆربەی چامەکانیا خۆی بەستوە بە چەند مەبەستێکی بەرزەوە کە لە سنوری کات و شوێن تێدەپەڕن و دگەنە لوتـکەی هەرەبەرزی بیرکردنەوەی لە سەرەتا و کۆتایێ و فەلسفەی تێگەیشتنی راستێ ٠

جگە لەمەش ئەگەر بە وردێ کۆتایێ چامەکانی بەشێوەیەکی گشتێ بەراورد بـکەین دەردەکەوێ کە ئەو کۆتاییـە زنجیرەی بیر و ئەندێشەی چامەکە پێویستیکردوە و شتێکی ئارەزۆکارێ نییە ٠ وە لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندێ بە شیعری مەولەوێیەوەیە بە شێوەیەکی گشتێ لەمە پتر درێژەی نادەمێ و کۆتایێ پێ دێنم لەگەڵ کۆتایێ هێنان بە باسی بەهارا ٠

**سروشت له پاییزدا :**

مەولەویـ دیمەنە سروشتیـیەکانی پاییزیشی بێ بەش نەکردوە لە هەست و سۆزی خۆی و مافی رەوای خۆیانی داونـەتێ ، لە یەکێ ، لە دۆچامە لەیەکچـوەکەیدا کە لە پاییزدا بـە بۆنەی کۆچی گەڕانـەوەی جافەکانەوە تۆسیوێتی بۆ دۆستێکی کە لە کوێستان بوە و دواکەوتوە لە گەڕانـەوە لەگەڵ هاومالەکانیا ئەڵێ :

چـون وەڵگ‌شــادیـ مــن وای دۆریـ لــەیــل
وەیشــۆم بــەرد ئەو هەرد نەو رشــتەی سوەیل
گێج ســەرکاوان جــە ســەردیـ بــین کــەیــل
بــۆ مــدان چـون بــۆی بێ وەفایــی لــەیــل
بــێ دەس بــی چنــار زیــز خــاتر رێــش
بــەڵ خاکێش کــەرۆ وەســەردا پــەی وێــش
وی کــۆڵ وەی وە کــۆڵ پــەی زەردان دەرد
ماســاو نە ســـــەراو رێــزان هەرزان کــەرد
کــۆچ کــەردەن خاســان ، چیهــرەی ئێلاخــان
داوۆ وە هــــەمــــدا دیســــان نەداخــــان
رۆی حەشــــر دۆریـ گـــــەردەن بێگـــــەردان
بێــوادە پــیرکەرد کــاوان ســـەر هــــەردان
هــــەور نـــەو زار زار کــلاو ئـــەو کــلاو
مــەگێلــۆ ، ئەســـرین مــەڕیــزۆ وە تــــاو
مــاچــیـ : ئــەویــش دەرد هیجــرانش وەردەن
یــا چــون مــن بــالای ئازیز گــوم کــەردەن

وێنەی عوقدە پێچ ریشەی ئەروا و دڵ
بەستە بۆ جەنم خۆی مەوبەت زەنگڵ

سیاسیلەی پێچ پێچ زوڵف نازاران
زەنگڵە بەستەوە جە دانەی واران

قازان چون یاران ئاواتە خوازان
قەتارە بەستەن مەکەران رازان

بێ لەیل ، ئاخ ، ئامێ جە ئێلاخەوە
پەی ئاخ داخ تەکدان بە ( ئاخداخ )ەوە

جەیرانان گەل گەل تازە کەردەن مەیل
فەڕ وستەن ئەو زەید پای هەردەی دوجەیل

چەم سیاوەکەی وە ناز دیاکەم
سەر رەوێڵەکەی جە رەم جیاکەم

هەلای سەر مەستەن وە شنۆی لەیلاخ
بۆی نە و پاییزش نامان وە دەماخ

شەماڵ ، شۆ ، هۆرکەر ، بدەر بێ درەنگ
سەیل و تەم ، زەردێ دیدە و دڵ و رەنگ

هۆنەی سەیل چەم وە شەتاواندا
تەم دڵ وە رۆی زاخان کاواندا

زەردێ رەنگ نە وەڵگ نەو تۆڵ نەمامان
تاڵێش مالۆم‌بۆ نەو پاییز ئامان[1]

---

(۱) بڕوانە لاپەڕەی ۱٦۰ ــ ۱٦٤ هەمان دیوان .

واته :

- وەکو بای دوریی یار گەڵای شادیمی وەراند ، بای ساردی پاییزیش تازە رەنگ‌کراوەکانی سوهەیلی : ( ئەو گەڵایانەی کە لەکاتی کەوتنی ئەستێرەی سوهەیلدا زەرد دەبن) پرژ و بڵاو کردەوە بە دەر و دەشتا .
- پێچ و پەنای کێوەکان پڕ بون لە سەرما و سۆڵە و ، بۆنی تەنیایی و چۆڵییان لێدێ ، کە لە بۆنی بێ وەفایی یار دەچێ .
- بێ دەسەڵات و زویر و دڵبریندار بوە چنار : ( گەڵاکانی وەریون ) ئیتر مەگەر خاك بکا بە سەریا بۆ باری نالەباری خۆی .
- بیبە چەمیلەی دەرد لە کوڵ ، گەڵا تاڵە زەردەکانی وەراندە ناو چەمەکان و ماسی زۆری هەڵدایە سەر ئاو بۆ زەردویی دارەکان : ( زەردویی دار بەزەیی بە زەردویی داردا دێتەوە ) .
- شۆخەکان کۆچیان کرد بۆ گەرمیان و کوێستانەکان ناوچاویان دا بەیەکدا لە داخا : ( تەم و مژو هەور و هەڵا دای گرتن ) .
- رۆژی حەشری دوریی گەردن بێ گەردەکان بێ وادە کەژ و کێوەکانی پیرکرد : ( بەفریان لەسەر باری ) .
- هەوری نوێ دەگەڕێ ، لوتکە بە لوتکە ، بە زویری و نرکە و نالەوە ، فرمێسك دەڕژێنێ بە تاو : (باران و هەورەگرمە) .
- دەڵێی ئەویش دەردی دوری چەشتوە یا وەکو من باڵای یاری ونکردوە .
- زنجیرەی پێچ پێچی زوڵفی نازدارەکان زەنگڵەی لە دڵۆپی باران پیاهاتەخوارەوە .

( ف ــ ٢ )

• وەکو گرێی پێچ پێچی ریشەی گیان و دڵ زەنگڵەی نسی ئارەقی خۆشەویستیی پیابێتەخوارێ •

• قازەکان وەکو دڵدارە ئاواتەخوازەکان ریزیان بەستوە و رازی ئەوین دەکەن بۆ یەکتری •

• ئاخ ئەوا گەیشتنە بەرەوە لە کوێستانەوە بێ یار • وە لەسەر شاخی : ( ئاخ‌داخ ) بۆ داخی دڵ نیشتنەوە •

• ئاسکەکان گەل گەل نیازیان نوێ کردەوە و ، فەڕیان خستە نیشتمان و زاگەی خۆیان : بناری شاخی دوجەیل •

• بەڵام ئاسکە چاو رەشە بەنازەکەم ، کە دەبوایە لەبەر سەر رەوێڵێ لە پێش هەمۆیانا دابگەڕایە خوارەوە هێشتا مەستی شنەی کوێستانە و بۆنی پاییزی نوێی نەهاتوەتە لوت تا بێتەخوارێ •

• کەوابو شەماڵ ! خێراکە ، بڕۆ ، لافاوی چاوم بدە بە شەتاوەکانا، تەمی دڵ بەلوتکە و قەدپاڵی شاخەکانا ، زەردیی رەنگم بە گەڵای نەونەمامەکانا •

• کە یار ئەم نیشانە بە هێزانەی دی ناتوانێ ئیتر خۆی بگرێ هەرچەند سەرمەستە هێشتا بە شنەی کوێستان ؛ ( چونکە ئەم نیشانە دەستکردانە گەلێ لە سروشتییەکان سەرنج راکێشتر و بە هێزترن ) •

• ئەو کاتە یارە چاو رەشەکەم تێ‌دەگا کە پاییزی نوێ هاتوە و دەپرسێ : دەنگ و باسی دامێنی چیاکان چییە ؟ تۆش بڵێ :

لێرەدا شەماڵ بە درێژایی راسپێرییەکەی مەولەوی پێ دەگەیێنێ و

داوای لێدەکا کە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەر ڕەوێڵی خۆی بگرێتەوە دەس •

مەولەویی لەم چامەدا کامێرەی سینەمایی خۆی لێ کۆك دەکا و جۆرەها دیمەنی سروشتی پاییز وێنە دەگرێ و دەیانخاتە سەر پەردە و وێنەکان بۆ بینەران (١) دەردەخات ڕوونتر و ئاشکراتر و پڕ جموجۆڵ و پرشنگدارتر لە دیمەنە سروشتییەکان خۆیان •

دیارە ئەمە شتێکی کەم نییە لە جیهانی شیعر و هونەردا و لە دەس هەموو کەس نایێت ، چونکە پێویستی بە بلیمەتی و وەستاییەکی زۆر هەیە ، دەبێ وەك کامێرەی سینەمایی بە هەست و خێرابێ و چەشنی وێنەگر و دەرهێنەریش شارەزا و وەستابێ •

لەگەڵ ئەمەشدا هەستیاری مەولەویی لەوە پترە کە ئەمانەی بۆ بکرێن بە ستایش و پیاهەڵدان ، مەولەویی جگە لە وێنەگرتن و جوڵاندنی وێنەکان ، توانیویێتی ژیانیشیان بە بەرا بکا و هەمان هەست و نەست و سۆزی خۆی و هەستیارانی تریشیان بدانێ •

توانای شیعریی و بەرزیی ئەندێشە لێرەدا دەردەکەوێ :

لە سەرەتاوە سوهەیل گەڵا زەرد دەکا و بایش دەیوەرێنێ بە دەشت و دەرا بڵاوی دەکاتەوە • ئەمە وێنەیەك •

وێنەیەکی تر گەڵای شادیی شاعیر بای دووریی یار دەیوەرێنێ و بڵاوی دەکاتەوە ، لە یەك چواندنی ئەم دوو وێنە ئەوە دەگەیێنێ گەڵای درەختەکانیش ، بەرگی شادین و بای دووریی خۆشەویست دەیانوەرێنێ ،

(١) مەبەست خوێندەرانە بەڵام لەبەر ئەوەی تەوژمی هەستی شاعیر خوێنەر رادەپێچێ و بەرزی دەکاتەوە بۆ راددەی بینینی دیمەنەکان لە جیهانی ئەندیشەدا بەو جۆرە ناومان برد .

مەولەویێ لێرەدا درەختیشی‌کرد بە خاوەن شادیێ و خۆشیێ و ئەویـن و سـۆز هەر وەکو سوهەیلی کرد بە نەخۆشییـەکێ رەنگ‌زەردکەر ، یـا مرۆڤێکی بۆیەچی[1] ٠

هەروەها پێچی سەرشاخەکان بۆنی بێ وەفایێ لێ دێ ، چنار زویرو دڵبریندارە ، بیبە چەمیلە زەردهەڵگەڕاوە و ماسێ هەڵدەداتـە سـەر ئـاو لەبەر زەردوێی دارەکان ، کوێستانەکان رێ گرژن لە داخی کۆچی شـەنگ و شۆخەکان ، چیاکان لەبەر دەردی دوریێ پیر بوون ، هەوری نوێ سەری خۆی هەڵگرتوە بە دوای شۆخەکانا ، لێتکە بە لێتکە دەگەڕێ و دەناڵێنێ و فرمێسك دەڕژێنێ ٠

زوڵفی نازدارەکان تکە و دڵۆپی بارانیان پیا دێتەخوارێ کە لە تکەی ئارەقی خۆشەویستی دەچێ کاتێ بێتەخوارەوە بەریشەی گیان و دڵا ٠

قازەکان ریزیان بەست و لە حەواوە و رازی ئەوین دەکەن بۆ یەکتـر ئاسـکەکان نیاز و خۆشـەویستێ نیشتمانیان تازە کردوەتەوە ٠٠ شەماڵ راسپێرییەکانی شاعیر رادەگەیەنێ ٠٠

بەم جۆرە مەولەویێ توانی هەستی مرۆڤایەتێ بە هەمێ دیمەنـەکانی پاییز بدات بەو شێوە ناسکەی کە دیمان ، جگە لەو وێنە پرشنگ‌دارە بـە جم و جوڵ هاتوانە کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ بییان هێنێتە بەرچاوی خۆی و لەبەر ئەوە درێژەم نەدایێ ٠

گونجاویێ مەولەویێ لەم چامەدا گەیشتە رادەیەك جیاوازیێ لە نێوان

(١) ئەم وردەکارییەم بۆیە کرد چونکە دەربڕینی هەست لێرەدا وەك شیعرەکانی تر ئاشکرا نییە ، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بلێم مەولەویێ تەشـبیهی بینراو و هەسـت‌پێ‌کراو بە نەبینراو و ئەندێشـەیێ تەنانـەت ئەگەر پێچەوانەش بێ بۆ ئەم جۆرە مەبەستانە بەکار دێنێ .

خۆی و سروشتا هەڵگرت و دەستی کرد بە دروستکردنی نیشانەکانی پاییز لە فرمێسك و هەناسە و ڕەنگی خۆی بەو شێوە سەرکەوتوەی کە دیمان •

لەم لێکدانەوە و بەراوردانەی پێشەوە دەرکەوت ئەو هەستەی مەولەوی هەیبو لەسەرەتاوە ، هەستی هەراسانی و دوری خۆشەویست بو ، وە ئەمە ئێجگار گونجاوە لەگەڵ ئەو وێنە دەست لە ئەژنۆ و ماتەمدارانەی پاییز و ، ئەوە دەگەیێنێ کە ڕاستی هونەری لێرەشدا بە بە درێژایی چامەکە هاوەڵ و هاودەم بووە و هەست و سۆزەکەی لە ناخی دەرونەوە هەڵقوڵیون و ساختە و دەستکرد نین و لاسایی و چاولێکەریان تیا نییە ، بەڵکو گشتی داهێنانە «الابداع» •

ئەوەی جێی گومان بێ دیمەنی کچە شۆخەکانە کە تکەی باران بە زوڵفیانا دێتەخوارێ کە بە لای هەندێ سەیرکەرەوە ئێجگار جوان و دڵگیرە بەڵام مەبەستی مەولەوی لایەنە ناخۆشەکەیەتی کە قەڵسی و پەشۆکاوی و زوریبیە لەو کاتەدا •

وا دەزانم هەر چەند چامەکەمان بە تەواوی نەهێنا و وەکو پێشو گەلێ وردەکاری و جوانی هونەریمان پشتگوێ خست ئەمەندە بەس بێت بۆ مەبەستە تایبەتییەکە ، جا با لە پاییزیش بگوێزینەوە و بزانین مەولەوی بە درێژایی لەسەر هەمان ڕێباز دەڕوا لە دو وەرزەکەی تریشدا؟ وەڵام : بەڵێ ، چونکە شێوەی بەدیکردن و هێنانەئەندێشەی شاعیر ئەم ڕیبازەی پێدەگرێ و شتەکە بە ئارەزوی خۆی نییە •

**سروشت لە زستانا :**

هەر بە وێنەی وەرزەکانی تر مەولەوی سروشتی زستانیشی بێ ناز نەکردوە و هەستی ناسك و ژیانی مرۆڤایەتی و سۆزی لەبەرکردووە •

ئەویش بۆی هاتوەتە دوان و ، وتوویژ و سەما و گۆرانی ، سەیری کە لە یەکێ لە چامەکانیا بەبۆنەی زستانەوە چی دەڵێ :

زۆسـانەن ، وەی رەنگ وە گـەردوون یاوان
گێجیـای لـول گێـج کڵێلـەی کـاوان
بـەنـا باشـی بورج بـەرزە دیـاران
سـفیدکاری کـەرد تاقچـەی موغـاران
چ شـیرین زەڕگەر تـۆف هـوای سـەرد
گۆشـواره نە گـۆش نـەونەمامان کـەرد
پـەی نیگـای بـالای مەحبـوبی بێگـەرد
یـەخ ئاینـە گرت ، تەم چارشێو ئـاوەرد
ئـەی مەحبـوبی خاس ، وەی بینای تـەمام
منالۆ پـەی بەزم سـاقی و شیشە و جـام
ساقی ، باك نییەن جە سەردی ( دەی ) ، دەی !
هەوا وەش کەردەن نەشـئەی نۆشـای مەی[1]

واتە :

- زستانە ! بۆیە بەم رەنگە بە ئاسمان گەیشتوە گەردەلولی بەفری قەدپاڵەکان و شاخەکان .
- بە ناباشی قەڵای هەوارە بـەرزەکان ، سپی کاری دەرگای ئەشکەوتەکانی کرد : ( بەفر دەرگای گرتن ) .
- چەند بە جوانی زەڕنگەری تۆفی هەوای سارد گوارەی لەگوێی نەونەمامەکان کرد : ( چلورە بە لق و پۆپیاندا دێتە خوارێ ) .

---

(۱) بڕوانە لاپەڕەی ۲۷۸-۲۷۹ هەمان دیوان .

- بۆ سەیرکردنی باڵای یاری بێ‌گەرد ، سەهۆڵ بو بە ئاوێنە و تەم بەتارا : ( بوك لە کوردەواریدا ئاوێنە یەکی باڵاڕوانی لەبەردەمەوە بۆ دەگرن و تارای دەدەن بەسەرا ) .

- ئەم یارە شەنگە و ئەو کۆشکەرازاوە دەناڵێنن بۆ بەزمی مەیگێڕ و شوشە و جام : ( یار نەمامە و کۆشك ئەشکەوتە ) .

- ئەی مەیگێڕ هیچ ترس نییە لە ساردیی مانگی : ( دەی ) کە ناوەڕاستی چلەیە دەی بەزمت بگێڕە نەشەی مەینۆشینی یارانی کۆچ‌کردو تەشکی هەوای شکاندوە و گەرمی داوە بە لەشمان .

وە هەروەها بەم جۆرە لەسەر زنجیرەی بیر و ئەندێشەکانی دەڕوات لە چامەکەدا تا کۆتایی پێ دێنێ بە شێوەیەکی ئێجگار ناسك و دڵگیر[1] .

ئایە دیمەنەکانی زستانی کوێستانەکان لەمە ناسك و بە مەزەتر نیشان دەدرێ ؟! سەیری ئەم جمەوجۆڵە کە بەرپا بوە لە ناو ئەم دیمەنە سروشتییانەدا !

بەناباشتی سروشت سپی‌کاری دەکا .

زەڕنگەری تۆفی هەوای سارد گوارە دەکاتە گوێی نەونەمامەکانەوە، سەهۆل دەبێ بەئاوێنەی بەردەمی بوك تەمیش بە تارای سەری .

سەیری ئەم گیانی یارمەتی و سۆزە کە : ئەوا بوك ڕازاوەتەوە و کۆشك ئامادەکراوە پێویست بە بەزمی مەیگێڕ و جامە ، پێویستە مرۆڤیش بەشدار بێ لەم زەماوەندەدا ، چونکە مرۆڤیش بەشێکە لە

---

(١) سەیری ل (٢٨٠)ی هەمان دیوان کە .

سروشت و نابێ خۆی جیابکاتەوە ، هەروەکو نابێ لە ساردی مانگی (دەی) بترسێ چونکە نەشەی مەینۆشینی یارانی کۆچ کردو هەوایان خۆش کردوە، ئا ئەوەتا بە ئاشکرا دیارن ، سەیریان کە بە توێی کراسێ رادەبوێرن چونکە هێشـــتا گەرمێ و گەشەی مەی لە لەشیاندا هەر کار دەکات[1] •

بەراستێ سروشت پەروەرێ هەر وادەبێ و لەمە بەولاوە شـــتێکی نەشیاوە ؛ چونـــکە مرۆڤ و سروشت گەیشتنە ڕاددەیەك ، یەکیان گرت و بەشدارییان کرد لە هەمێ زەماوەند و بەزم و رەزمێکا هەر وەکو لە چەند هەڵوێســـتێکی ترا بەشدارێ ناخۆشێ و شینی یەکتـــربوۆن ، وە ئەمەش ئەوپەڕێ مەبەستە و کۆتایێ هەوڵدانە •

ئا بەم جۆرەش دیمەنەکانی زستان لە جیهانی هەست و ئەندێشـــەی مەولەویدا ژیانەوە و کەوتنە جوۆلان و دڵیان پڕ بوۆ لە هەست و ســـۆز • ئاخۆ دیمەنەکانی هاوینیش هەر بەم رەنگەبن ؟ گومان نییە ، هەر ئەوەندە دەستی مەولەوییان بگاتێ کاریان تەواوە •

**سروشت لە هاوینـــا :**

مەولەوێ دیمەنەکانی هاوینیشی هێناوەتە جوۆڵە و بوۆژاندوۆنیـــەوە و هەستی کردوۆن بە بەرا ، بەڵام هەستی دڵڕەقێ و بێبەزەیێتێ هەرچەند لـــە لایەکی ترەوە پەنجەی راکێشـــاوە بۆ ئەوەی گەرمێ هاوین وەك گەرمێ دڵی شاعیر وەهایە و ، لەبەر شتێك کە پەیوەندێ بە هەست و سۆزەوەیـــە وای لێهـــاتوە •

جا بزانین لەم روەوە چی دەڵێ :

---

(1) ئەمە مەبەستی شیعرێکە کە لەتێکستی چامەکەدایە و نەمانهێنا ، چونکە لە کۆتایییەوەیە ، سەیری ل (٢٧٩)ی هەمان دیوان بکە .

هامن ، ها ، من‌وار گەرمیش جۆش ئاوەرد
فەزای نەزم بەزم ئەو گولالان بەرد
بۆڵ وە یانەی جەم نەوگولالان شەند
چەمەن بێ‌نەوای ناڵەی بولبوڵ مەند
تای بەڕەزای شەنگ نە سای موغاران
شێونا چون زولف تەعزیەداران
ها ، کاوان ، کاوان دڵ چون دڵڕێشان
هەڕ ، دان وەسەردا هەردان پەی وێشان
دووریت ئاییروست وە یانەکەی من
یانی یانەی دڵ وێرانەکەی من
هەوا ئاییرین ، سەر وەخت ئاییرین
دڵە ئاییرین ، بەدبەخت ئاییرین[1]

واتە :

- هاوین ئەوا من ئاسا هاتە جۆش و یاری و بەزمگای نەوگوڵاڵەکانی لە ناو برد : ( هەڵپڕووکان و وشك‌بوونیان بە گەرمای هاوین ) .
- خۆڵەمێشی وەشاند بە کۆڕی نەوگوڵاڵەکانا و ، بلبلی تەراکرد و چەمەن بێ ناڵە و ئاوازی خۆشی مایەوە : ( پاش وشك‌بوونی گوڵاڵەکان رەنگیان خۆڵەمێشی هەڵدەگەڕێ ) .
- تای بەڕەزای شۆخ لە سێبەری ئەشکەوتەکانا ، شێوا ، وێنەی زوڵفی ماتەم دارەکان : ( پەنجە رادەکێشێ بۆ ئەوەی بۆ گوڵاڵەکان شین‌دەکەن ) .

---

(١) سەیری لاپەڕەی ٥٢٢ــ٥٢٦ هەمان دیوان بکە .

● سەیرکە وا کێوەکان وەك دڵبرینـدارەکان دڵیـان قڵەشـاوە و دەشتەکانیش قوڕیان دابەسـەریاندا بۆ خۆیان ( لە هاوینا هەندێ شـوێن ئەقڵەشـێ و هەندێـکی تریش ڕوتدەبـێ و گڵەکەی دەردەکەوێ ) •

● دوریت ئاگری خستە یانەکەمەوە یانی : یانەی دڵە وێرانـەکەم

● هەوا ئاگرێ ، کات ئاگرێ ، دڵ ئاگرێ ، بەختی بەدم ئاگرێ ئەمە چوار ئاگر •

تەنها ئاگرێکـی تر ماوە کە هی مەیە بەم جۆرە مەولەوێ لەسـەر ئەندێشەکە دەڕوات تا کۆتایێ دێنێ بە سوتانی پل و پوشی بونی بە ئاگری مەی کە کۆتایێ هەمو کۆتاییەکە •

بەم جۆرەش مەولـەوێ هەسـتی بەزەیێ و سـۆز دەردەبـڕێ و بەشـدارێ دەکا لەگەڵ ماڵوێرانەکانی دەستی هاوین و دەچێتـە نـاو کۆڕی شین و ماتەمیانەوە ، جگە لە هەست پێدانیان و زینـدەکردنیان و گیانی کۆمەڵایەتێ پۆشینیان •

بەڵێ نەوگوڵاڵەکان کۆڕی رابواردنیان لێتێك دەچێ و ژیلەمۆیان بەسەرا دەکرێ •

بلبل چەمەن بەجێ دێڵێ لە داخی گوڵی هەڵپرو کاو •

بەڕەزا لە سێبەری ئەشکەوتەکانا کە درەنگتر گیان بـە دەسـتەوە دەدات ، هەست بەم کارەساتە دەکات و دەست دەکا بە شیوەن و زوڵفـی پەشێو دەبێ •

چیا و دەشـتەکان دڵبریندار دەبـن و دەست دەکەن بە قوڕپێوان

شاعـیریش دوریَ یار تاوی پیَدەسیَنیَ و گڕ بەردەداتە یـانەی ویـرانی دڵی[1] •

بەڕاستیَ بەزمیَکی ناخۆشە هەر چەند ژیان بیَ ئەمەش نابیَ ، جـا هەر لەبەر ئـەم ناخۆشـییەیە شـاعیر دەیەویَ بە ئاگری مـەی خۆی بسوتیَنیَ و ئیتر کۆتاییَ بە کارەساتەکە بیَنیَ ، لای کەمیَ با بەرانبـەر بە خۆیشی بیَ •

لەم لیَکۆڵینەوەدا دەرکەوت کە شاعیر لە سەرجەمی بیر و ئەندیَشەکانی چامەکەدا راستیَ هونەریَ هاوەڵ و هاودەم بوە و لە سەراپای گەشـتەکەدا لیَیی جیا نەبوەتەوە وەکو چامەکانی تر •

**سروشت بە شیَوەیەکی گشتیَ :**

وا دەزانم توانیمان سروشت پەروەریَ مەولەویَ رونکـەینەوە لەو دیمەنە جۆر بە جۆرانەدا کە دەگۆڕیَن بە گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ بـەڵام مەولەویَ هەمان ریَباز و شیَوەی گرتوە لە هەمو دیمەن و پارچـەیـەکی سروشتدا •

بۆ ویَنە ، شەماڵ و نەسیم : دۆستی هەرە دڵسۆزی مەولەویَ بون و دیمان لە هەندیَ لە چامەکانی پیَشودا کە چۆن باسیان دەکا و ، هانایـان دەباتە بەر و ، داوای تەتەرییان لیَ دەکا و نامەیان پیا دەنیَریَ و دەنـگ و باس و بۆنی خۆشیان لیَ وەردەگریَ •

راستە لەگەڵیَ شویَنا کەم و زۆر باسـی کردون ، بەڵام ئەم چەند شیعرە بە تایبەتیَ دیَنین چونکە بە جوانیَ رونی دەکاتەوە بۆچی هـەندە دۆستایەتیَ لە گەڵا گرتون ؟

---

(1) دانانی دڵی بە ویرانە لەبەر ئەوەیە لە گەرما ئاگای لای خۆشەویستەکەی نەماوە ، ئەگینا دڵی دڵدار هەمیشە ئاوایە بە خۆشەویستی .

له سەرەتای یەکێ لە چامەکانیدا دەڵێ :

شـــەماڵ داخـــان •• شـــەماڵ داخـــان ••
شـــەماڵ ، یا کۆگەرد ، گرد یاگە داخـــان ••
شـــانە شـــانای تای تـــوژەی وەر زاخـــان
مڵـــەمـــای بـــاڵای نـــەو تـــۆڵ باخـــان
هانـــام تـــۆ خـــودا ، پـــەنام ئـــاوەردەن
ها ، نـــام خـــودام ، ســـاپەوکەبەردەن
جـــەوێ بەرگ گشـــت ، گشت هەوا دەرنی
هـــەوای زامـــەت کەر ، زام دەوا کـــەرنی
بدیـــە وە مـــدرای ســـەیل ئەســـر چـــەم
فیـــدای باڵات بام هەی شـــەماڵ تۆ هەم[1]

واتە :

● ئەی شەماڵی سەرشاخەکان •• ئەی شەماڵی ســـەرشـــاخەکان ، ئەی شەماڵ ، ئەی کێو گەڕی هەمۆ شوێنی خەم و خەفەت بـــە هۆی بیرەوەریێ یارانی کۆچکردوەوە •

● ئەی شانەکەری تای زوڵفی لوولی قەدپاڵەکان ! ئـــەی نەرمکەری باڵای تۆڵی تەڕی ناو باخەکان •

● هاوار ، تۆ خودا ، پەنام بۆ هێنای ســـەبری وەســـتانی لافاوی فرمێسکی چاوەکانم کە : ( لەبـــەر لەڕ و لاوازیێ دەردی دۆریێ وشکهەڵهاتوە و فرمێسکی نەماوە ) •

● بەو بۆنەوە ناوی خودام هێنا ، چونکە خۆت کردوەتـــە بەرگی

---

(١) بڕوانە لاپەڕەی ٣١٠ هەمان دیوان .

هەمو شتێك و باوەشێنکەری کشتوکاڵی ، هەر خۆت دەتوانی ئازار بدەیت و هەر خۆیشت دەتوانی تیمار بکەی .

له پاش ئەم پیاهەڵدان و لێپاڕانەوە ، راسپێریی‌یەکی ئێجگار ناسك و بە پەرۆشی دەدا بەسەر شانا کە لەبەر دوور و درێژی نەمهێنا ، تەنانەت لێرەشدا هەر ئەوەندەمان مەبەس بو و نەمان ویست یەکێتی باسەکە بشێوێنین .

ئاشکرایە مەولەوی هەستی مرۆڤایەتی داوە بە شەماڵ و بەرزی کردوەتەوە بۆ ئاسۆیەکی دەستباڵا کە نەك هەر خاوەن تێگەیشتن و هەست و سۆزبێ و بەس بەڵکو هەندێ کاری وایشی پێ بکرێ کە بە هیچ مرۆڤێ نەکرێ .

بەڵێ بەم جۆرەش لە شەماڵ دوا ، وە هەروەها لەگەڵێ ڕۆداوی سروشتی تریش دەدوێ و هەمان هەست و نەستیان دەداتێ ، وەك مانگ و رۆژ ، ئەستێرە ، پەلکەزێڕینە ، کە لە شێوەی تەشبیهی ئاسایی یا پێچەوانەدا بەکاریان دێنێ و لە هەمو شوێنێکا هەست و سۆزیان بەبەردا دەکا .

مەولەوی جگە لەو هەستە بەرزە ، ژین و سۆزدەرەی بە سروشت هەستی چەشکردنی چالاکی زیندەوەریشی : ( النشاط الحيوي ) بوە کە زۆر کەم لە شاعیران بویانە .

لە نامەیەکی دوور و درێژا کە بۆ شێخ یوسفی نوسەمەی برادەری نوسیوە و یادی راوێکی دو قوڵی رابوردویانی تیادەکاتەوە ، پاش وەسفێکی دیمەنە جوانەکانی دەشت و چیاکان بە هەمان شێوە و ڕێبازی پێشو دەڵێ :

صەفای سـەیرانگای سارا و سـەر هەردان
منالۆ پـەی بـەزم جەرگـەی هام فـەردان
نـەك چون فەضای کەیف ، بـەرگ سیاوان
سـمکۆی سـەر زاخێ نە پای وەفـراوان[1]

واتە :

- خۆشی و سەیرانگای دەشت و شاخەکان دەناڵێنن بۆ بـەزم و ڕەزمی کۆڕی دۆستان .
- بەڵام نەك وەك مەیـدانی رابواردنی بەرگ ڕەشـەکان : ( بزنـە کێوییەکان و ) سمکۆڵکردنیان لە سەر زیخەڵانی لاقەدپاڵەکان کە بەفراوی پیا دێتەخوارێ .

سەیرکە بە چ جۆرێ چالاکی بزنەکانی دەربڕیوە ، کە لە خۆشـی بەهار و تیر و تەسەلییانا مەست بوو و هەڵدەخەنەوە و سـمکۆڵ دەکەن لەسەر زیخەڵانەکان .

دیارە هەستکردن بەم جۆرە شتانە شاعیر بەرز دەکاتەوە بۆ پلەی ژیانپەروەری لە هەمو شێوە و ڕووێکیا کە نرخێکی زۆری هەیە لە جیهانی بیر و فەلسەفەیشدا جگە لە شیعر و هونەر .

بەڵێ مەولەوی گیانی پاکی تێکڵاو بە گیانی سروشت بوە و هەستی بە خۆشی و شادی نەك تەنها مرۆڤ و گیانلەبەر کردوە بەڵکو هەسـتی بەشادی و خۆشی ڕووەك و بێگیانیش کردوە ، وەکو لە نمونە پێشوەکانەوە بەئاسانی وەردەگیرێ .

---

(١) بڕوانە لاپەڕەی ٤٨٨ هەمان دیوان .

وە لەم بەیتەدا پاش وەسفێکی بەهار دێت لە چامەیەکی تردا لەسەر هەمان ڕێ و شێوازی پێشو پەردە لەم نهێنییە لادەدا و بە ئاشکرادەڵێ :

جـەمـاد و نەبـات گـرد شـادیشـانەن
جـەمـاڵ ڕۆژ عیـد ئـازادیشـانەن(۱)

بەڵێ‌شـادی و کامەرانی جەماد و ڕوەکیش دەگرێتەوە لە بەهاردا چونکـە بەهار جەژنی ئازادی و ڕزگارییانە لە سەرما و سۆڵەی زستان.

بەم جۆرە گیانی مەولەوی تێکڵاو بو لەگەڵ سروشتدا و لەبەرتینی ئەم تێکڵاوییە زۆر جار سنور لە بیر و ئەندێشەیا هەڵدەگیرێ لـە نـاو سروشت و مرۆڤا و سیفاتی یەکتر دەکەنە بەر.

سەیری کە لە وەڵامی نامەیەکی شێخ عەزیزی جانەوەرەیی بـرادەری لە بەهاراچی وتوە : ـ

هـەوای زمسـتان خەمـان بەتاڵـەن
وەروهـەرد دەرد دەرون خاڵخاڵـەن
هـاژەی تاف سـاف شـەناوگەی شـادی
صـوب مەیۆ نـە گۆش هـۆش ئـازادی
بـۆی شـنۆی شنیـای تای چنـور شەوق
سـەدۆ نە دەمـاخ پڕ پـەرداخ زەوق
کەیفمـدا وەش وەش دەسـتەوەستەی گوڵ
نـە گۆشـەی کڵاو ، نـە پای دەشـت دڵ
نیشـانەی نـەورۆز وادەی وەهـارەن
یـا نەشئەی ئـامـای نامـەی نیگـارەن(۱)

---

(۱) بڕوانە لاپەڕەی ۵۱۳ــ۵۱٤ هەمان دیوان .

واته :

- هەوای زستانی خەم و خەفەت بەتاڵە ، بەفری دەشـــتی دەردی دەروون خاڵخاڵ بوە و بەرەو توانەوە دەڕوا •
- هاژەی تافگەی بێ گەردی شەتاوی شادمانێ ، بەیانیان دەدات لە گوێی هۆشی ززگاری •
- بۆنی شنەی ناڵەکانی چنوری ئارەزوو دەدات لە لووتی بە دەماخی چالاکی •
- چەپکە گوڵی گۆشەی لووتکەی چیاکان و داوێنی دەشتی دڵ ، بەرە بەرە کەیفم خۆش دەکەن •
- ئایە ئەمە نیشانەی نەورۆزی سەردەمی بەهارە ؟ یا هۆی خۆشیێ هاتنی نامەی یارە ؟

ئا بەم جۆرە وەسفەکانی سروشت و هەست و نەستی مرۆڤ تێکەڵ دەکا و لە کۆتاییدا بە ئەنقەس دەڵێ :

ئەمانە نیشانەی نەورۆزی بەهارن ؟ یا نیشانەی هاتنی نامەی یارن ؟ وە پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکا کە ئەم تێکەڵکردنە یا هەڵگەڕانەوەی سروشتنە بە هۆی تێکەڵبوونی دوو جۆرە شادیێ بوە لە دڵیا یەکێکیان هی بـــەهاری سروشتییە و ئەوی تر هی نامەی یارە •

لەوانەیە بوترێ ئەمانە لەسەر شێوەی خواستنی شاراوە : ( الاستعارة المكنية ) هاتوون و لە نهێنیدا ( تشبيه ) هەیە و هـــەندێ لە ئەندامـــەکانی لابراون •

راستە ئەمانە بە جێن لەســەر یاسای رەوانبێژیێ عەرەبێ ، بەڵام بە هیچ جۆر بەرهەڵستی ئەوە ناکەن کە شاعیر سنووری لابردوە و هەست و

سروشتی تێکەڵکردوە ، وە ئەم پرسیار و وەڵامە لەگەڵێ لــە نموونەکانی تریشدا دێتە جێ •

بەڵام بنەڕەتی وتارەکە لەسەر شێوەی تازەیە و گوێــم نــەداوەتە ڕەوانبێژی کۆن ، هەرچەند لە راستیدا هیچ جۆرە دژایەتییەکیان لە نێوانا نییە ئەگەر بە شێوەیەکی کارامانە بەکاربهێنرێن هەر یەکە لە سنۆری خۆیا•

وە هەروەها مەولەوی هەندێ جار گۆشەی بینینی بە جــۆرێ ڕوون دەبێتەوە کە لەودیوی سەدەها پەردەوە شت بەدی دەکات •

سەیری کە لە چامە زۆر ناسکەکەی : (نازك تەدارەك فەصل وەهاران) کە پڕە لە تەشبیهی ورد و بیری بە جێ و ئەندێشــەی ناسك و سروشــت پەروەرییەکی ئێجگار بە سۆز ، پاش ئەوەی دەڵێ بەهار زۆر بە ناسکی وەك بوك ئامادەکراوە و دەشت و شاخەکان ئارایشیانکردوە بە شێوەیەکی زۆر جوان ، گوڵ ناسکی پۆشــی وەك ڕوی یار ، بەفراو هاژەیکردە خوارێ وەك فرمێسکی چاوەکانم ، لە پاشا دێتە سەر باسی گوڵاڵــە و سەوزەگیا و دەڵێ :

مدیــان گوڵاڵان نــە پــای دەربەنــدان
ئــەو یەکتــەر وێنــەی ئارەزومــەندان

چ خــاس خــاس شــنیۆ نــە ئێــوارانــدا
ســەوزەوەڕوی خــاك جەرگــەی یارانــدا

بویــن ڕەعشــەی وەجــد دڵــەی پــاکشان
عــەیــان نەشــنیای ســەوزەی خاکشــان[1]

---

(١) بڕوانە لاپەڕەی ٤٣١ هەمان دیوان

واتە :

● گوڵاڵەکان لە داوێنی دەربەندەکانا سەیری یەکتر دەکەن بە تاسەوە وێنەی دڵخوازەکان •

● چەند جوان جوان دەشنێتەوە لە ئێوارانداسەوزە ، بە ڕوی خاکی کۆڕی یاراندا : ( سەوزەگیای سەر گۆڕستان ، یا هەر سەوزەگیایەك ) چونکە هەر وەکو (ابو العلاء المعری)ش وتویەتی : چەرمی زەوی لە لەشی مرۆڤ پێك هاتوە •

● سەیرکە لەرزەی خۆشەویستی دڵی پاکیان ئاشکرایە لە شنەی سەوزە گیای سەر خاکەکەیانا •

لێرەدا مەولەوی وەنەبێ بڵێ : لەرزەی سەوزەگیا ، لەرزەی دڵی یارانی کۆچکردوە لەسەر شێوەی جوانی هۆهێناوە : ( اسلوب حسن التعلیل ) ئەگەر بە زۆر نەسەپێنرێ بە سەریا ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لە جیهانی بەرزی ئەندێشەدا هێزی بەدیکردنی هێندە تیژ بوە لە لەرزەی سەوزەگیای سەر کۆڕی یارانی کۆچکردو لەرزەی خۆشەویستی دڵی خاوێنیان بەدی دەکات و ، دەیەوێ خوێنەرانیش بەشداربن لەم بەدیکردنەدا •

بەڵام هەر چۆن بێ کەس ناتوانێ چاو لەوە بخشێنێ کە مەولەوی لێرەدا ئەوپەڕی سروشتپەروەری بەکارهێناوە و بەرزبووەتەوە بۆ ئاسۆیەك کە نیگایەکی بەهێز دەخاتە دڵی خوێنەر و بە ئاسانی ئەویش ڕاپێچ دەکا لەگەڵ تەوژمی هەستی خۆیا و هەڵی دەداتە ئەو جیهانە فراوانە ئەندێشەییەی کە پێکەوە پەردەی چین لەسەر چینی ڕابوردو بدڕێنن و تەماشای ڕوداوی ڕابوردو و ئێستە بکەن بە یەكگرتویی لە یەك شتا •

وا دەزانم تا رادەیەك توانیمان بیر و ئەندێشە و هەست و نەستی مەولەویی بەرانبەر بە سروشت ڕوون کەینەوە و ئیتر وەستان لە پێشکەش کردنی نموونەی تر جێی خۆیەتی ، بەڵام لە پێشەوە وتمان بەدەگمەن شاعیران ئەم رێبازە دەگرن •

سەپاندنی ئەم مەبەستە بە هێنانی شیعری گەلێ لەو شاعیرانەیە کە لە سروشت دواون بە گیایێکی خۆشەویستیی و هۆگرییەوە بۆ بەراوردکردن و ئەنجام دەرهێنان ، دیارە ئەمەش کارێکی درێژەدار و دوورە لە بەدیهێنان بە تایبەتیی لەو تارێکی وا کورتا •

بەڵام وەکو دەڵێن : ئەوەی هەمووی بەدی نەیێ هەمووی واز لێ ناهێنرێ ، لەبەر ئەوە چامەیەکی (گۆران)م هەڵبژارد کە مامۆستا علاءالدین سەجادیی لە پەڕاوی : ( ئەدەبی کورد و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کورد )دا پەسەندی کردوە لێی کۆڵیوەتەوە و نرخاندوویەتی لە زۆر ڕووەوە ؛ لەبەر ئەوە گۆران بە ڕاستیی ئاشنایەتییەکی بە تینی بوە لەگەڵ سروشتا و دۆست و هۆگری بوە و گەلێ چامە و شیعری بۆ تەرخان کردوە ، وە لە شاعیرانی هاوچەرخیدا و بگرە شاعیرانی دوا خۆی و پێش خۆیشی وێنەی نییە لەم ڕووەوە ، وە گومان نیە لە بە هێزیی و بە پێزی بەرهەمەکانی بە جۆرێ بە نوێکەری شیعری کوردیی ئەم سەردەمە دەدرێتە قەڵەم •

گۆران دەڵێ :

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە

شەونمی درەخت لە ڕووم پرژاوە
لە زەردیی زۆر کەل سەرنجم داوە

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرانبەر بە خۆر

هەتاوی نەورۆز مانگی جۆدرەو
زۆر هاتوون و چوون بە رۆژ و بە شەو

خوزەی قەڵبەزەی کەف زیوینی چەم
لە هەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم

میوەی گەیشتوی زەرد و سوری باخ
جریوە و جوکەی دارستانی شاخ

لە گەروی شمشاڵ لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازی جوان جوان

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن
رۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن

بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز
بێ رووناکییە بێ بزەی ئازیز

بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی
بانەیدا لە گوێم تێر نەڵێم ئۆخەی
کام ئەستێرەی گەش ؟ کام گوڵی کێوی ؟
ئاڵە وەك کوڵمی ، گۆی مەمکی ، لێوی ؟ !

کام رەشی ئەگا بە رەشی چاوی
برژانگی ، برۆی ، ئەگریجەی خاوی ؟ !
کام بەرزی جوانە وەك بەرزی باڵای ؟
کام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگای ؟

کام تاســه ، کام مەیل ، کام چاوەنــوارێ ؟
تەلیســـــماوییــه وەك هــی دڵــدارێ ؟ (١)

ئا بەم جۆرە گۆران ریز لە دیمەنەکانی سروشت دەگرێ و دەیان هو نێتەوە لە گەردن بەنــدێکی مرواریدا و ، یەکە یەکە وەسـفیان دەکات وەکو پێشەکییەك بۆ وەسفی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتیٰ یا ئافرەتێکی تایبەتیٰ کە خۆی پێیدەڵیٰ : ئازیز بێ گومان وەسفەکانی گۆران گەلێ ناسك و بە تامن و زۆربەی دیمەنە دڵگیرەکانی سروشتی گرتوەتەوە و ، لە هەمۆیان تابلۆیــەکی رازاوە و رەنگینی نەخشــاندوە مەگەر دەســتی هونەرمەندێکی بەهرەوەر بتوانیٰ بەو جۆرە نیگاری بکێشــێ و رەنگینی بکا .

گومان نییە لەوەدا شاعیرێ هۆگری سروشت نەبێ و خۆشەویستیٰ دیمەنەکانی سروشت نەگاتە قوڵاییٰ دڵیٰ ئەم جۆرە وەسفانەی لەدەست نایێ و بە جاڕی نیگارکێشانی ئەم چەشنە تابلۆ رەنگینانەدا ناچیٰ ، بــەڵام ئاشــکرایە گۆران نەیتوانیوە یا نەی ویستوە هەست و نەست و ئەوین و ســۆز بدا بە وێنەکانی تابلۆکە و بیانبزوێنیٰ و ژیانی زیندەوەرییان پێ ببەخشــێ مەگەر لەو بەیتەدا نەبێ کە دەڵیٰ : پەلکەزێــڕینە چەماوەتەوە بەرانبەر بە خۆر کە بۆنی هەست و نەستی لێدێ .

دیارە ئەوەی لە بیر و ئەندێشەی گۆرانا بوە تەنها نیگــاری جوان و ئاوازی خۆش و میوەی بە تامە ، واتــە : سروشــت بــە لایەوە دیمەن نەخشێنەر و پێویست جێبەجێکەر بوە و ، بەرزی نەکردوەتەوە با لە جیهانی

---

(١) بڕوانە لاپەڕەی ٣٤٠ـ٣٢٣ لە پەڕاوی : (ئــەدەبی کورد و لێکۆڵینــەوەی ئەدەبی کورد ) . علاءالدین سجادیٰ چاپخانەی مەعاریف ـ بغداد ســاڵی ١٩٦٨ م ـ ٢٦٦٨ ك .

ئەندێشە شدابێ ، بۆ ئاسۆی مرۆڤێکی هەستیار ، با بلێین شاعیر خۆی ، یا خۆشەویستەکەی •

جا لەبەر ئەم جۆرە هەستە بەرانبەر بە سروشت ئەو دیمەنە دڵگیرانەی بەلاوە بێ رۆناکێ بۆ بێ بزەی ئازیز ، چونکە رۆناکێ راستێ هی تیشك و رەنگ نیە و ، سەرچاوەکەی لە دڵدایە و ، بەرپا بونی لە هەست و سۆزەوەیە کە بزە بەڵگە و نیشانەیەتی •

شتێکی ئاشکرایە ئەم رێبازەی گۆران هەر چەند رۆمانتیکێ تیا بەدێ دەکرێ لە ریالیزمەوە نزیكترە ، چونکە چ لە رۆی بیر و ئەندیشەوە و چ لە رۆی شێوەی دەربڕین و داڕشتنەوە رێی ساکارێ و سادەیێ گرتوە ، کە یەکێکە لەتایبەتیەکانی ریالیزم •

لە بیر و ئەندیشەدا گۆران نەیویستوە لە رۆداو : (الواقع Real ) دورکەوێتەوە و دیمەنە سروشتییەکانی وەکو خۆیان هێشتوەتەوە بەبێ دەستکارێ و بەرزکردنەوە بۆ رادەی مروڤێکی هەستیار •

وە لەرۆی شێوەی دەربڕین و داڕشتنەوە وشەی سادە و ساکاری بەکارهێناوە و خۆی بە دورگرتوە لە نەخشاندن و رازانەوە و پێداگرتن لە (تەشبیهە) و خواز و جۆرە شێوەکانی تری رەوانبێژێ •

گرتنی ئەم رێبازە چ بە پێی قۆناغ و چ بە پێی بیر و باوەڕی شاعیر شتێکی گونجاو و دوروستە و لە شوێنی خۆیایەتی •

ئەمە لەبابەت گۆرانەوە سەبارەت بەدەستنیشانکردنی رێبازی سروشتپەروەرێ بە پێیزاراوەکانی وێژە و نرخاندنی بە پێوەری ئەورۆپێ، ئەی لە بابەت مەولەوییەوە چێ ؟

لەو بەراود و لێکدانەوانەی پێشەوە دەرکەوت : ئەو رێبازەی مەولەوێ گرتویە رێبازی رۆمانتیکێ هەستییە چونکە بینیمان لافاوی

سەرکردۆی هەست و نەستی ناسك و شەستەبارانی سۆزی بەتینی هەڵکردە سـەر سروشت ؛ دەشت و چیا و گوڵ و گیاو زیندەور و بێگیان هەمۆیان نوقم بۆن لە دەریای هەست و سۆزیا و لە ئەنجاما هەست و سۆز گەیشتە دڵی سروشت و پەنگی خواردەوە و تەقییەوە و جۆرەها رۆباری وای پێكهێنا کە خوێنیەر بە ئاسانێ راپێچن لەگەڵ تەوژمی بەتینیانا و وا مەدهـۆش و سەرگەردانی کەن کە ئەویش لە قولاێ دڵیەوە وا هەستکا کە سۆزی دڵی خۆیەتی کەوتوەتە سەر سروشت و تیشکی داوەتەوە و ئـەم کارەسـاتەی پێكهێناوە •

وە لەبەر ئەم هۆیە و ــ دیارە سروشتیش کۆن دەبێ و نە دەبێزرێ ــ کۆنێ مەولەوێ هێشـتا تازەیە و بیر و ئەندێشەی ناسـکی بەربەرەکانێی سۆزانی چەرخی کات دەکات • راستە قۆناغی مێژۆیێ مرۆڤ دەگۆزێ و باری رامیارێ ، کۆمەڵایەتێ و بەرژەوەندێ بە پێی ئەو دەگوزێ بەڵام هەست و نەست و سۆزی دەرۆن هەر لە جێی خۆیەتی •

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە رۆن کەمەوە کە ئەو برێـارەی بە سـەر سـروشتپەروەرێ مەولەوێ و گۆراندا وە بەتایبەتێ گۆران سەپاندم بە شێوەکی گشتییە • واتە ئەوەم مەبەست نییە کە گۆران بە هیچ جۆرێ و لە هیچ شوێنێکا هەست و نەستی نەداوە بە سروشت ؛ چونکە وەکو پەنجەمان بۆ درێژکرد تەنانەت لەو چامەیشدا کە بۆ بەراورد هێنامان لە هەندێ شوێنا بۆنی هەست و نەستی لێدێ •

خوێنەری بەرێز وا دەزانم دریغیم نەکرد لە رۆنکردنەوەی مەبـەستی تایبەتێ وتارەکە و بیر و باوەڕی خۆمم لەم بابەتەوە خستە رۆ • ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە هیچم نەهێشتوەتەوە و هەمۆ لایەنێـکم چارەسـەرکردوە • چونکە چ لە شیعرەکانی مەولەویا و چ لە چامـەکەی گۆرانـا گـەلێ

لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەم خستە پشت گوێ ، لە ڕووی ڕەوانبێژیی و داڕشتن و بەکارهێنانی وشە و ڕستەی گونجاودا ، وە هەروەها بیر و ئەندێشەی شاعیر و چۆنێتی دەست پێ کردن ، و چوونە ناو مەبەستەوە و ، کۆتایی هێنانـدا .

دیارە ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەبوو یەکێتی باسەکە بپارێزم و دوور نەکەومەوە لە سنووری ئەو مەبەستە تایبەتییەی کە وتارەکەم بۆ تەرخان کردوە.

لە کۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم :

یەکەم : لە مەولەوی ؛ سەبارەت بەوەی شیعرەکانم نرخاند بە پێی چەند پێوەر و زاراوەیەك کە نە هیچی لێ بیستوون و نەویستویشێتی دژی و دۆستایەتیان لە گەڵدا بکا و هەرچی ڕووی داوە ڕێکەوت بوە و سروشتی بیر و ئەندیشەی خۆی هێناونییە کایەوە .

دووەم : لە خوێنەرانی بەڕێز ؛ سەبارەت بەوەی کە زۆر سەرکێشیم کرد و گەلێ پێم لێ هەڵکێشا لە پیاهەڵدانی مەولەویدا ؛ چونکە ئەمە تەنیا پڕیشکێکی پەنگاوی دڵم بوو کەوتە سەر نوکی پێنووسەکە و نەمتوانی لەمە پتر بەرهەڵستی بکەم .

وە هەروەها سەبارەت بە هەموو هەڵەیەك لە هەر ڕوویێکەوە ڕوویداوە لە هەرشوێنێکی وتارەکەدا .

# فەرهەنگۆك

تێبینی : ئەم فەرهەنگۆکە تەنها بۆ لێکدانەوەی دەقی شیعرەکان بەکاردێنرێت و مبەستەکانی تری وشەکان پشت گوێ خراوە لەو وشانەدا پیتر لەیەك واتەیان هەیە .

(( ئـ ))

**ئاخداخ :** خەم وخەفەت . ناوی شاخێکە لە نزیکەی قەسری شیرینەوە .
**ئامی :** هاتن
**ئاوەرد :** هێنای
**ئەروا :** (ارواح) کۆی (روح)ە ، گیان
**ئەسر ، ئەسرین :** فرمێسك
**ئێلاخ :** کوێستان .

(( ب ))

**(( بارك اللـه )) :** ڕستەیەکی عەرەبییە ، بۆنزا بەکاردێنرێ ، واتە : فەڕت تێ کەوێ .
**باوەر :** بێنە
**بدەر :** بدە
**بەرد :** بردی
**بەرگ سیاوان :** بەرگ ڕەشەکان ، بزنەکێوییەکان .
**بەڕەزا :** گیایەکی کوێستانییە بەتاش و بەردەکانەوە ئەڕوێ .
**بۆ :** بۆن . وەرە
**بورج :** قەلا
**بۆڵ :** خۆڵەمێش ،
**بێ :** بۆ
**بێ دەرنگ :** بەخێرایی ، بەزوویی
**بین :** بوە

(( پ ))

**پا :** پێ . داوێن ، لای خوارووی شاخ .
**پڕپەرداخ :** ڕێك وپێك ،
**پەرێ :** بۆ ، لەبەر
**پەوکە :** بۆیە ، بەو بۆنەوە
**پەی :** بۆ

(( ت ))

**تاف :** تافگە
**تەك دان :** پاڵیان داوە
**تەواسایی :** بێزاری
**تەوق :** (طوق) ، ئەڵقە
**توغرا :** ( طرة ) ، مۆر

« ج »

**جه** : لـه
**جەرگە** : كۆڕ
**جەمین** : (جبین) ، ناوچاو
**جەیرانان** : ئاسكەكان
**جۆش** : گەرمی ، كوڵ
**جێب** : سنگ‌وبەرۆك

« چ »

**چارشێو** : تارا
**چاك** : داوێن
**چەرخ** : تافگە و سەرچاوەی زەلم . سوڕانەوە
**چەم** : ڕۆبار . چاو
**چەم سیاوەكەی** : چاو رەشەكەی
**چەنی** : لەگەڵ . لە
**چون** : وەكو
**چیهرە** : چارە ، ڕوو

« خ »

**خاترڕێش** : دڵبریندار
**خاسان** : شۆخەكان
**خاڵخاسان** : جوان چاكەكان
**خۆ** : ئارەق

« د »

**داخ** : خەم‌وخەفەتی بەتین
**داخان** : كێوەكان
**دام** : داو
**داوۆوەهەمدا** : دایەوە بە یەكا .

**دەماخ** : لوت ، كەپو . چالاكی
**دۆ ، بدۆ** : بـدا
**دوجەیـل** : (دجیـل) چیـاكەی مەجنونی لەیلا سـەری خۆی بۆ هەڵگرت
**دیدە** : چاو

« ر »

**رەعشە** : (رعشة) ، لەرزە
**رۆ** : ڕۆژ
**رۆح‌ئەفزا** : خۆشی بەگیاندەر
**رێزان** : وەراندی

« ز »

**زاخان** : كۆی (زاخ)ە ؛ زەردوما
**زاخر** : زیخەڵان .
**زارزار** : بەزویرییەوە .
**زمستان** : زستان
**زەردان دەرد** : ئەوانەی تووشی زەردوویی‌بوون .
**زەڕگەر** : زەڕنگەر .
**زەنگل** : زەنگڵە .
**زەید** : نیشتمان ، زاگە
**زیز** : زویر

« س »

**سارا** : (صحراء) دەشت ، بیابان
**سای** : سایەی ، سێبەری
**سفیدكاری** : سپی‌كاری، گەچ‌كاری
**سمكۆ** : سمكۆڵ
**سەرهۆرگرت** : سـەری خـۆی هەڵگرت ، وێڵ‌بوو .

**سەوزە :** سەوزەگیا
**سوەیل :** (سهیل) ئەستێرەیەکە پایزان ئەکەوێ .

« ش »

**شاخە :** هاڕە ، هاژە
**شانەشانا :** شانەکەر ، داهێنەر
**شنۆ :** شنە
**شەتاو :** لافاو
**شەند :** وەشاندی
**شۆ :** بڕۆ
**شۆڕ :** خۆشەویستێ ، ئەوین
**شیشە :** شوشە ، بلوڕ

« ف »

**فەزا :** (فضاء) : دەشتایێ .
**فەڕوستەن :** فەڕیان خستوە .

« ك »

**کاوان :** کێوەکان . قلەشاندی
**کلاوئەوکلاو :** لوتکە بە لوتکە
**کلێلە :** بەفر ، کە با بیفڕێنێ بە قەدپالەکانا
**کەڕۆ :** بکا
**کەیل :** (کیل) ، پڕ
**کۆگەرد :** کێوان گەڕ
**کیشت :** گیا ، کشت وکاڵ .

« گ »

**گەردوون :** ئاسمان

**گۆشوارە :** گوارە
**گێج :** پێچ و پەناو نسرم
**گێجیا :** خولخواردو .

« ل »

**لوول گێج :** گەردەلول .

« م »

**ماچی :** ئەڵێی
**ماساو :** ماسێ
**مانۆ :** ئەشوبهێ ، ئەچێ لە .
**مدرا :** وەستان ،
**مدۆ :** ئەدا
**مدیۆ :** سەیرئەکا ، ئەڕوانێ
**مدیان :** سەیریان ئەکرد
**مڵەما :** نەرمکەر
**منالۆ :** ئەناڵێنێ
**منوار :** من ئاسا ، وەك من
**مەڕێزۆ :** ئەڕژێنێ
**مەند :** مایەوە
**مەوبەت :** ( محبة ) : خۆشەویستی

« ن »

**نامان :** نەهاتوە .
**نامونەنگ :** ناووناتۆرە
**نە :** لە
**نەو :** نوێ
**نەوڕشتە :** تازە ڕەنگ کراو
**نۆشای :** نۆشین ، خواردنەوە
**نێکنامێ :** ناوبانگی باش
**نیگا :** سەیرکردن

« ھ »

**ھا** : ئەوا
**ھامفەردان** : ھاوەڵان
**ھامن** : ھاوین
**ھانا** : ھاوار
**ھای** : ھەی
**ھەڕ** : قوڕ
**ھەرد** : گردۆڵکە و بانەکان
**ھەستێ** : بۆن
**ھەڵای** : ھێشتا
**ھوڕدان** : ھەڵیداوە
**ھۆرکەر** : ھەڵگە ،
**ھۆن** : خوێن
**ھۆنە** : بەخوڕڕۆیشتن

« و »

**وا** : با ، ھەوا
**واچە** : بڵێ
**وست** : خستە
**وە** : بە
**وەجد ، ( وجد )** : خۆشەویستی
**وەردەن** : خواردوە
**وەستە** : بەستراو
**وەش** : خۆش
**وەرو** : بەفر
**وەرزاخان** : قەدپاڵەکان
**وەرنەدۆ** : بەرنەدا
**وەڵگ** : گەڵا
**وەھەمدا** : بەیەکدا
**وەیڕەنگ** : بەم شێوە .
**وەیشۆم** : بایشۆم ، نەگبەت ، بایەکی ساردی لەناکا .
**وێ** : خۆت
**وێش** : خۆی
**وێشان** : خۆیان
**ویکۆڵ** : بییەکۆڵە ، کوڵەبێ

« ی »

**یاگەداخان** : شوێنی خەم و خەفەت
**یاوان** : گەیشتوە .
**یەخ** : سەھۆڵ .

★ ★ ★

MAWLAWI.KRD

نرخی ( ۱۰۰ ) فلسه

۳۰۰۰ دانه لەم کتێبە لەچاپدراوە
دەستپێکردنی لەچاپدان ۱۹۷۸/۱۰/۳
لێبوونەوە لەچـاپ ۱۹۷۹/۱/۸

---

لە کتێبخانەی نیشتمـانیدا
ژمارە ۱٦۷۲ی سـاڵی ۱۹۷۸ی دراوەتێ

MELAWI.KRD